# دیالێکت و زەنگینی فەرهەنگ

**پ.ی.د.مهاباد کامل عبدالله**
**زانکۆی سلێمانی**
**کۆلێژی زمان**
**بەشی کوردی**

## پێشەکی

زمان رایەڵەی پەیوەندی نێوان تاکەکانە، لەڕێی زمانەوە گوزارشت لە سەرجەم بیرو ئاوەزەکان دەکات، لە شوێنێک مرۆڤ و ژیان هەبێت، زمانیش لەوێ بوونی هەیە، لە سەرجەم ئاستەکاندا وشە یەکەیەکی سەرەکییە، وشەش رۆژانەو مانگانەو ساڵانە بەپێی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابورییەکان، گۆڕانکاری بەسەردا دێت، ئەم گۆڕانکارییەش بەواتای زیندوویەتی زمان دێت، چونکە دەبێت بەبەردەوامی زمان توانای خۆگونجاندنی لەگەڵ کۆمەڵدا هەبێتو بەبەردەوامی وشە دێتو وشە دەڕوات، دەتوانین بڵێین وشەکانیش وەک مۆدێلێکی زمانی وێنا دەکرێن، ئاوێنەنمای مێژوو و جوگرافیای خۆیانن، دەبێت سەرجەم ئەم وشانە لە فەرهەنگدا تۆمار بکرێن، چونکە فەرهەنگیش دەبێتە بەشێک لەو گەنجینە کۆزانیارییەی، کە دەتوانرێت شرۆڤەی بەسەرهاتو رووداوەکانی پێبکرێتو کۆمەڵگای پێبناسرێتەوە.

جۆراوجۆری زمانیش یەکێکە لە خەسڵەتە دیارەکانی هەموو زمانێک، دیالێکت یەکێکە لەو جۆراوجۆرییانەی کە بەڵگەی زیندویەتی هەموو زمانەکانە، بۆیە زۆرجار زمانەکان بۆ


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگەکەیان پەنا بۆ دیالێکتەکان دەبەن، بەمەرجێک ئەم پەنابردنە نەبێتە هۆکاری لاسەنگی زمانی ستاندەر، زمانی کوردیش لەم پرۆسەیە بێبەش نەبووەو بەبەردەوامی توانراوە سود لە دیالێکتەکان وەربگیرێت ئەگەر بە ویست یاخود نەویست بووبێت، دیالێکتی گۆرانیش بە سەرجەم شێوە دیالێکتەکانیەوە تاڕادەیەک هۆکار بووە بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانی ستاندەر (نیمچە ستاندەر).

لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدراوە کنەو پشکنین بۆ ئەو ناوانە بکرێت، کە لە زمانی ستاندەردا بوون بە ناو بۆ ناولێنراوی مرۆڤ، چونکە زیاتر ناوەکان خۆیان لە دیالێکتی گۆرانەی خزاندۆتە ناو زمانەکەوە، کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا چەند ناوێکمان هەڵبژاردووە وەک نموونەیەک بۆ سەرجەم ناوەکانی تر.

**٠/١ چەمک و پێناسەی زمان:**

ڕێکخستنی نێوان دەنگ و هێمایە، کە جۆرێک لە جۆرەکانی کۆزانیاری بەرهەمدەهێنێت و بە دایکی تێگەیشتن دادەنرێت، سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵ بەهۆی زمانەوە بەرکەوتنیان دەبێت.

زمان بەکارهێنانێکی سیستماتیکی دەنگ و هێماو نووسینە، لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا بۆ پەیوەندیکردن و دەربڕینی بیروڕایە .(David Crystal, ل٢١٢)

بەبێ هەبوونی زمان چالاکی کۆمەڵایەتی بوونی نییە، چونکە زمان پەیوەندی لەگەڵ بیردا هەیە، چونکە بیری مرۆڤ لە چوارچێوەی زماندا دادەڕێژرێت، ئەگەرچی ئەو بیرکردنەوانەش ناوەکی بن چونکە تەنها لەڕێی زمانەوە دەبنە راستی، زمان هێمایە بۆ شتەکانی دەوروبەرو تواناى وەرگرتنو بەکارهێنانە، هەرچەندە پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، بەڵام چەند ئاڵۆز بێت مرۆڤ لە توانایدایە بەکاریبهێنێت.

بەگشتی زمان توانای درککردنە بۆ فێربوونو بەکارهێنانی سیستمە، خودی زمان پرۆسەیەکی سیستماتیکە، بەڵام چەندین تایبەتمەندی هەیە کە بەرهەمدارو بەردەوامە زۆرجاریش توانای لادانی هەیە، ئەوەش پەیوەندی بە ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتیو فێرکارییەوە هەیە، زمان لەگەڵ گەشەکردنی مێشکی مرۆڤدا ئاڵۆزییەکەی کەمبۆتەوە چونکە توانای مرۆڤ هێندە هەیە، کە شیکاری وێنا بیرییەکان بکاتو چەندین وشە دابهێنێت و ڕێکیان بخات. (بێهزادی خۆشحالی،ل٢٢)

زمان و کۆمەڵ وەک دوودیوی دراوێکن و لەیەکتر جیانابنەوە، چونکە مرۆڤ بەهۆی زمانەوە دەتوانێت لە کۆمەڵدا بەردەوام بێت، سەرجەم ئەرکە زمانییەکانی پێ جێبەجێ دەکرێت، زمان شوناسی هەر تاکێکە، هەر تاکێکیش ئەندامێکە لە کۆمەڵدا، لەناو سیستەمە کۆمەڵایەتییەکەدا جارێکی تر ڕێکدەکەونەوە، هەر گۆڕانکارییەک لە کۆمەڵدا گۆڕانکاری لە زمانیشدا دروست دەکات، چونکە پەیوەندی زمانو کۆمەڵ پەیوەندییەکی راستەوانەیە. (ڕێژنە معروف، ل٦).


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

گۆڕان و گەشەی کۆمەڵ دیاردەیەکی ئاساییەو بەردەوامە، زمانیش وەک چالاکییەکی کۆمەڵایەتی لەم گۆڕانکارییە بێبەش نیە زمانیش ناتوانێت بە وەستاوی بمێنێتەوە، بەڵکو هەمیشە لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندایە، گۆڕانکارییەکانیش سەرجەم ئاستەکان دەگرێتەوە، لە گۆڕانی زماندا نابێت ئەم خاڵانە فەرامۆش بکرێن:

١. هەموو زمانەکان بە بەردەوامی لە گۆڕاندان، هیچ کەسو لایەنێک ناتوانێت بەر بەو گۆڕانکارییانە بگرێت.
٢. هەموو کاتێک گۆڕان لە زماندا بەواتای تێکدانی نییە، بەڵکو زۆرجار ئاسانتری دەکاتو کەسانی تر دەتوانن قسەی پێبکەن.
٣. هەر گۆڕانکارییەک لە زماندا روبدات، لەخۆوە نیە، بەڵکو بەپێی پێڕەوە ڕێگە پێدراوەکانە.

نەتەوەو وڵات هەمیشە پێویستیان بە زمانێکی تەواو گونجاو هەیە، بۆ ڕاپەڕاندنی کارە فەرمیو نافەرمییەکان، سەرجەم میللەتان کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەیە، بەتایبەتی لە ئێستادا بە هۆکاری تەکنیکو تەکنەلۆجیاوە دنیا وەک گوندێکی بچوکی لێهاتووە، گۆڕانکارییەکان هێندە خێران، کە ناتوانرێت ڕێگە لەو گۆڕانکارییانە بگرێت، بەڵام دەبێت سنورێکیشی بۆ دابنرێت، بۆ نموونە وڵاتێکی وەک فەرەنسا ناوبەناو چەندین یاسا دەردەکەن بۆ مەبەستی پاراستنی رەسەنایەتیو سەربەخۆیی زمانەکەیان، کە ڕێگە نادەن هیچ لایەنێک کاریگەریی نەرێنی هەبێت.
ئەوەی پەیوەندی بە فەرهەنگەوە هەیە، ئەوەیە کە فەرهەنگی زمانیش زۆر بەخێرایی گۆڕانی بەسەرردادێت، چونکە بەپێی گەشەکردنو پێشکەوتنی لایەنی ژیان وشەی نوێ دێنە ناو زمانەوە، ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر وشەکاندا دێن زیاتر لە ئاستی واتادایە، چونکە ئاستەکانی دی بەپێی سیستمو یاساو پێڕەو کاردەکەن زۆر بە زەحمەت گۆڕانیان بەسەرردادێت، چونکە یاساکان جێگیرنو بەئاسانی ناگۆڕێن، ئەو گۆڕانکارییانە سەدەها ساڵیان پێویستە، چونکە ئاخێوەران ناچارن پێڕەوی یاساکان بکەن بەمەبەستی ریزکردنی سەرجەم کەرەستەکانی زمان لە فۆنێمو مۆرفێمو وشەو دەستەواژەو وشەکانو قسەپێکەران لەسەر ئەو یاسایانە راهاتوون، بەڵام گۆڕانکاری لە فەرهەنگدا ئارەزوومەندانە نییە، بەڵکو گۆڕانی ژیاریو کۆمەڵایەتی ناچارمان دەکات وشەکان لەگەڵ دەوروبەرو شارستانێتیدا بگونجێن. (شیلان رحیم، ل٢٩)
گۆڕانکاری واتایی یەکێکە لەو گۆڕانکارییانەی کە راستەوخۆ پەیوەندی بە فەرهەنگەوە هەیە، لە ئاستی واتا گۆڕانکارییەکان روودەدەن، چونکە کۆمەڵ خۆی واتا بە کەرەستە زمانییەکان دەدات، دوو هۆکاری سەرەکی گۆڕان لە واتادا دروست دەکەن:

١. پێویستی: گەشەکردنی ژیان زۆر خێرایە، کە بیری نوێ بە بەردەوامی دێتە ئاراوە، هەر بیرێکیش پێویستی بە وشەی گونجاو هەیە، زۆرجار وشە کۆنەکانیش بەپێی پێویست بەرگێکی نوێیان بەبەردا دەکرێت، بەمەبەستی ئاسان دەربڕین و سەرنج راکێشان. واتە وشە کۆنەکان بە شێوازی نوێ دەردەبڕێن. بۆ نموونە جاران بە کارمەندیان وتووە (مأمور) بەڵام ئێستا پێی دەڵێن کارمەند واتە کاربەڕێکەر، کە لە واتاکەیەوە نزیکە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٢. پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری: ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕانی واتاییو پێشکەوتنی زمانیی کە هەندێک وشە لەناودەچن و هەندێکی تر لەدایک دەبن، بەڵام هەندێکجار واتاش دەگۆڕێت، بۆ نموونە (شانبەشان) واتە پێکەوەبوون (شان) بەتەنها واتایەکی تری هەیە، بەڵام ئێستا وشەیەکی نوێی لێدروستکراوە. هۆکارەکانی ئەم چەشنە گۆڕانە:

**أ.** کۆمەڵێک کەس هەندێک وشە بەکاردەهێنن کە تایبەتە بە خۆیان دواتر کەسانی تریش بەکاریدەهێنن، بۆ نموونە (پاکێج) لە کوردستان یەکەمجار کەسانی سەر بە حزبێکی تایبەت بەکاریهێنا، بەڵام ئێستا خەڵکی تریش بەکاریدەهێنێت.
**ب.** وشەیەک لە کۆندا واتایەکی هەبووە، بەڵام ئێستا واتایەکی بارکراوی دراوەتێ، بۆ نموونە (دەسەڵات) پێشتر بە کەسانی ئاسایی دەسەڵاتو رژێم دەوترا، بەڵام ئێستا بەجۆرێک لە توانج بۆ کەسانی دەسەڵات بەکاردەهێنرێت.
**ت.** گۆڕانی واتا هەستیەکان بۆ واتای تەجریدی لە ئەنجامی گۆڕانی مێشکی مرۆڤ، بۆ نموونە (بەرزەخ) لە بنەڕەتدا بە دیواری نێوان دووشت وتراوە. بەڵام ئێستا کاتی نێوان مردن و ژیانە.

٣. هەستی سۆزداریو دەروونی/ زمانی مرۆڤ کۆمەڵێک تایبەتمەندی لە وشەکانیدا تێدایە، کە نەخوازراون، بەڵام هەندێ کەس وشەی نوێ بەرامبەر ئەو وشە نەخوازراوانە بەکاردێنن، بۆ نموونە (شێرپەنجە) هەرکەس دەیبیستێو گوێ دەکات پێی ناخۆشە، بۆیە زۆرجار دەوترێت (نەخۆشییەکەیەتی) بەمەبەستی بیرنەهێنانەوەی گوێگر بە راستەوخۆیی بۆ ئەو نەخۆشییە.
٤. لادانی زمانی/ واتە قسەکەر وشەیەک بە واتاکەی خۆی بەکارناهێنێت، بۆ نموونە (وەنەوشە) کە ناوی کارەکتەرێک بوو ئێستا بەواتای جۆرێک لە ئۆتۆمبێل بەکاردێت.
٥. گواستنەوەی خوازەیی/ واتە بەکارهێنانی وشەیەک بەواتای نزیک لە واتا کۆنەکەی کە هەندێکجار جێ بە وشە کۆنەکە لەق دەکات، بۆ نموونە جاران دەوترا (فلان ژنی فلانە) بەڵام ئێستا دەوترێت (فلان هاوسەری فلانە).
٦. داهێنان/ ئەم کەسانە داهێنان دەکەن:

أ) کەسانی داهێنەر لە قسەکردندا وەک شاعیران و ئەدیبان.
ب) کەسانی زمانەوانو دامەزراوە زانستیەکان، کە زاراوەیەک دروست دەکەن بۆ چەمکێکی تایبەت بۆ نموونە ئێستا لەبری پێکهاتە (دروستە) بەکاردێت، لەبری شوێن، جێکەوتە بەکاردێت.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**١/١ جۆری گۆڕانەکان:**

زمانەوانەکان و زانایانی رەوانبێژی لە سەردەمی ئەرستۆوە گۆڕانی واتا وەک یاساو دەستوری لێهات، کە هەوڵێکی زۆریان لەپێناو جوانکاری وشەکاندا داوە، ئەم هەوڵە زمانەوانەکانیشی گرتەوە، کە دوو پلانیان هەبوو، کە (پلانی لۆجیکی و پلانی دەروونی) بوون‌و بە تێکەڵ کردنیان ئەمانەیان دەستکەوت:

١. فراوانکردنی واتا/ گواستنەوەی واتای تایبەت بۆ واتای گشتی، فراوانکردنی واتا بەو مەبەستەیە کە وشەیەک لە جاران بەکارهێنانی زیاتر بێت، بۆ نموونە:

أ) منداڵ هەر شتێک خڕ بێت پێی دەڵێن تۆپ.

ب) کلێنس، مارکەیەک بووە لە دەسڕ بەڵام ئێستا بە هەموو دەسڕێکی کاغەز لە کوردیدا دەوترێت کلێنس.

ج) وشەی(picture )ی ئینگلیزی بە لەوحەیەکی وێنەکراو وتراوە، بەڵام ئێستا بە سەرجەم وێنەکان دەوترێت.(picture)

د) وشەی (baycoot) کە ئێستا ئێمە بۆ جێهێشتنی کار بەکاریدێنین، بەڵام لە ناوی خاوەنی زەوی ئیرلەندییەکەوە هاتووە.(charle c. baycoot) .

٢. تەسککردنەوەی وشە/ بەپێچەوانەی خاڵی یەکەمەوەیە کە واتای گشتی بۆ واتای تایبەتی بەکاردێت، کە ئەمە بە تازەکردنەوەی واتای وشە کەمکردنەوەیانە. بۆ نموونە:

أ) بە کەسێک دەڵێن ئاگرت پێیە، کە وشەیەکی گشتیە، بەڵام تۆ بە مەبەستی چەرخ یان شقارتە بەکاریدەهێنیت.

ب) وشەی (حرامی) لە عەرەبیدا واتە حرام بۆ هەموو شتێکی حەرامە، بەڵام ئێستا بەواتای (دز) بەکاردێت.

٣. گواستنەوەی واتا/ کاتێک دەبێت کە دوو وشەکە جیاواز نەبن بەگشتی‌و بەتایبەتیش، لەرێی خواستن، ناونانی بەشێک لەسەر گشت، جیاوازی لەگەڵ دوو جۆرەکەی پێشوو ئەوەیە کە ئەوان وشە نوێکە لە واتا بنەڕەتیەکە دووردەکەوێتەوە، بەڵام ئەم چەشنە وانییە. بۆ نموونە (سفرە) لە کۆندا بەواتای ئەو خواردنە هاتووە کە بۆ گەشتیار دروستکراوە، بەڵام ئێستا واتای ئەو پارچە نایلۆنەیە کە خواردنی لەسەر دادەنرێت. دەستدرێژ لە عەرەبی کۆندا بەواتای کەسێکی سەخی هاتووە، بەڵام ئێستا بە کەسێک دەوترێت کە دەستدرێژی و دزی بکاتە سەر ماڵی خەڵک.

٤. زیادەڕۆیی (المبالغە)/ چەشنێکی ترە لە گۆڕانی واتایی، کە زیاتر لە بواری بانگەشەو راگەیاندندا بەکاردێت، بۆنموونە دەوترێت بەجۆرێکی ترسناک دڵی خۆشە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**٢/١ چەمک و پێناسەی دیالێکت**

بۆ یەکەمجار گریکەکان (Dialectos) ئەم زاراوەیەیان بۆ جیاکردنەوەی زمانی نوسین لە زمانی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵ بەکارهێناوە، واتە گریکەکان (Dialectos) یان بۆ چینی سەرەوە بەکارهێناوەPatios )یش بۆ چینی خوارەوە. (عەبدولمەناف رەمەزان ئەحمەد، ل ١٠) بەڵام دواتر (Patios) بۆ بەشە دیالێکت بەکارهاتووە، وەک ئاماژەکردنێک بۆ زمانی گوندێک یان ناوچەیەکی بچوک.

لە عەرەبیدا (اللهجه) بەکارهاتووە، کوردیش زار بەڵام زۆرجار دیالێکت بەکاردەهێنرێت، چونکە زاراوەیەکی تاڕادەیەک جیهانییە.

لە پێناسەکردنی دیالێکتدا دەبێت رەچاوی لایەنی کۆمەڵایەتیو دەروونیو سیاسیو ئابووریو جوگرافی بکرێت.

لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە، بەو زمانە وتراوە کە ئاستێکی نزمی هەیە، تاڕادەیەک وەک زمانێکی لاواز مامەڵەی لەگەڵ کراوە، پێی وتراوە دیالێکتی کۆمەڵایەتیSociolect) )، لەم روانگەیەوە ئەگەر پێناسەی دیالێکت بکرێت، دەوترێت، ئەوجۆرە زمانەیە کە کۆمەڵە کەسێکی دیاریکراو لە شوێنێکی دیاریکراودا بەکاریدەهێننو هاوزمانەکانیشیان لێی تێدەگەن (عبدول مەناف رەمەزان، ل١٢) .

لە رووی جوگرافییەوە، ئەو زمانەیە کە تایبەتمەندی زمانیی خۆی هەیە، سەر بە ژینگەیەکی تایبەتە، هەموو دانیشتوانیشی لەو ژینگەیەدان.

لە رووی زمانییەوە، جۆرە زمانێکی سەربەخۆیە لەناو زمانێکی گشتیدا، شێوەی جیاوازی بەکارهێنانی زمانییە لەلایەن بەکارهێنەرانی یەک زماندا، کە لەگەڵ شێوەکانی دیکەی هەمان زماندا تایبەتمەندی جیاوازو هاوبەشی هەیە (عبدول مەناف رەمەزان:ل ١٣)

لە رووی دەروونییەوە، ئەو زمانەیە کە تاکەکان لێی راهاتوونو ئاسودەن لە بەکارهێنانیدا.

لە کۆی ئەم پێناسانەدا دەتوانین بڵێین:

بەگشتی دیالێکت: شێوەی جیاوازی قسەکردنی زمانێکە، کە لە کۆمەڵگەیەک و شوێنێکی جوگرافی جیاوازدا بەکاردەهێنرێت. (عبدول مەناف رەمەزان:ل ١٤٥)

**١/٢/١ جۆرەکانی دیالێکت:**

١- دیالێکتی تایبەتی: ئەو دیالێکتەیە، کە تایبەتە بە پیشەیەک یاخود تەمەنێک یان رەگەزێک یاخود شوێنێکی دیاریکراوەوە، وەک (کرێکار، جوتیار، نێرومێ، هەرزەکار، مناڵ، گوندنشینو شارنشین).

٢- دیالێکتی گشتی: ئەو دیالێکتانەن کە لەناو زمانێکدا دەستنیشانکراونو زۆربەی دیالێکتەکانی زمانەکەش بەکاریدەهێنن، هەندێکیان بە دیالێکتی ستاندەر یاخود دیالێکتی کۆمەڵایەتی ناسراون.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**٢/٢/١ هۆکاری پەیدابوونی دیالێکت:**

هۆکاری گۆڕانکارییەکانی زمان لە بواری کۆمەڵایەتیو جوگرافیو سیاسیو مێژوویيو سروشتیو رۆشنبیری، هۆکاری دروستبوونی دیالێکتی جیاوازن، زۆرجار گۆڕانکارییەکان دەبنە هۆکاری لەناوچوونی زمانێک یان دیالێکتێک، چەمکی خودی گۆڕان دەبێتە هۆی جیاوازی نێوان زمانەکان، ئەم گۆڕانکارییەش سروشتیو ئاساییە دوور لە دەسەڵاتی مرۆڤ روودەدات. (عبدول مەناف رەمەزان ، ل٢٧)

هیچ یەکێک لە نەتەوەکان بەتەنها زمانێک قسە ناکەن، بەڵکو جیاوازی لە قسەکردنیاندا هەیە، تەنانەت یەک دەڤەریش تەنها رستەیەک بەیەک جۆر دەرنابڕێت، بەپێی هۆکارەکان شێوازی دەربڕینی وشەو رستەکانیش جیاواز دەبن. کەواتە بوونی دیالێکتو شێوە دیالێکتی جیاواز دیاردەیەکی ئاساییەو بەڵگەی زیندویەتی هەر زمانێک دەگەیەنێت، بەڵام چەندین هۆکاری نازمانی دەبنە هۆکاری دروستبوونی دیالێکتی نوێ، وەک:

١) هۆکاری سیاسی: دەسەڵاتی لاوازو بەهێز هەردووکیان دەبنە هۆکاری دروستبوونی دیالێکتی جیاواز، چونکە دەسەڵاتە لاوازەکەو نەبوونی ناوەندێک بۆ بڕیاردان لە زمانێک، وادەکات تاکەکان لە یەکتری دووربکەونەوەو زمانی تایبەت بەخۆیان هەبێت، لەهەمان کاتدا هەبوونی دەسەڵاتێکی ناوەندی فراوانیش دەبێتە هۆی لاوازبوونی دەسەڵاتی ناوەندو ناوچەکان دەبنە خاوەن زمانی خۆیان، هۆکاری سیاسی بۆ زمانی کوردی کاریگەری زۆر بووە لەسەر دیالێکتەکانی زمانی کوردی.

٢) هۆکاری جوگرافی: کاتێک دیالێکتێک لە دوو ناوچەدا بەکارهات، ئەوا هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆیان دەبێت، بەتایبەتی ئەگەر بۆماوەیەکی زۆر نیشتەجێ بوون تایبەتمەندی خۆیان وەردەگرن، کاتێک قسەکەرانی زمانێک دەشتو دۆڵاو بیابانو چیاکان دەکەوێتە نێوانیانو ئیدی بەرەبەرە ئەوانیش دەبنە خاوەنی دیالێکتێکی سەربەخۆ.

٣) هۆکاری کۆمەڵایەتیو ئابووری: هەر چینو توێژێکی کۆمەڵ تایبەتمەندی خۆی لەم بوارەدا هەیە بۆیە، گەنجو پیرو ژنو پیاو، خوێنەوارو نەخوێنەوارو خاوەن پیشە جیاوازەکان تایبەتمەندی خۆیان دەبێت زۆرجار دیالێکتی کشتوکاڵیو بازرگانیو پیشەسازی دروست دەبن.

٤) گۆڕانی سروشتی ژیان: زمان هەمیشە لە گۆڕاندایە، هەرچەند گۆڕانکارییەکان زۆر خێرا نین، بەڵکو لەسەرخۆ روودەدەن، لە ئەنجامی ئەم گۆڕانکارییانەش زۆرجار دیالێکت و زمانی جیاوازی لێدەکەوێتەوە.

### ٣/٢/١ پەیوەندی دیالێکت و زمان:

کاتێک باسی دیالێکت دەکەین، هەر دیالێکتێک بۆ خۆی زمانێکە، لە سیستەمی دەنگیو مۆرفۆلۆژیو سینتاکسدا، هەروەها دروستەو دەربڕینی وشەکان تایبەتمەندی زمانییان هەیە، گۆڕانکاری زمانیی لە دەنگو وشەو پێکهاتەکاندا دیاردەیەکی ئاساییە لە زمانو دیالێکتیکیشدا ڕوودەدات، پەیوەندی دیالێکت بە زمانەوە پەیوەندی تایبەتە بە گشتەوە.
دیالێکت خۆی لەخۆیدا جۆراوجۆرییە لە زماندا، کە زمان بنەڕەتەکەیەو دیالێکتیش بەشەکانیەتی، کە لە زۆربەی بارەکاندا زمانو دیالێکت لە فۆرم و تایبەتمەندیدا جیاوازن، دیارترین سیمایان لە گۆکردنیدا دەردەکەوێت.
دەتوانین بڵێین زمان دایکەو دیالێکت منداڵەکانیەتی، دواتر جارێکی تر دیالێکتەکانیش دەبنەوە بە دایکو دیالێکتی تریان لێدەبێتەوە. لە ئەنجامی کێشمە کێشمەکاندا جۆراوجۆری لە زماندا دێتە ئاراوە، کەلەژێر چەتری زمانی دایکدا دەژینو زۆرجار سیفەتە گشتیەکانی زمانی دایک وەردەگرن، بەڵام لە وردەکاری و درێژەدا جیاوازن، ئەمەش ناونراوە دیالێکت، مرۆڤ لە سروشتی خۆیدا لە توانایدایە چەند دیالێکتێک بەبێ نەستی لە ژیانی ڕۆژانەبدا بەکاربهێنێت.
زمان تواناو هێزی قسەکەرە بۆ دەربڕین لە خود بەئاسانترین شێوەی ڕوونو ئاشکرا، کە هۆکارێکە بۆ بەستنەوەی نەتەوەکان.

### ٤/٢/١ جیاوازی زمان و دیالێکت:

زمان یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی میللەتان، کە لە ڕێیەوە هەموو نەتەوەیەک مێژوو و ڕەگەزەکەی دەستنیشان دەکەنو ئاستی پێشکەوتنی پیشاندەدرێت. زمان وەک مرۆڤ پێدانو وەرگرتنەو لەدایکبوونو ژیانە، هەمیشە لە پێشکەوتندایەو دەژی و دەمرێت، بە بەردەوامی لە کێشمە کێشمدایە ئەمەش ئاستی هێزو مانەوەی دەستنیشاندەکات.
زۆرجار زمان دایکەو دیالێکتی تری لێ پەیدا دەبێت و پێچەوانەکەی دروستە، کە دیالێکتەکان شوێنپێی خۆیان جێگیر دەکەنو هەلومەرجیان بۆ دەڕەخسێتو دەبن بە زمانی فەرمی، زۆرجار هۆکاری ڕۆشنبیری و دەسەڵاتی سیاسیو ئایینی فاکتەری سەرەکین لە دروستبوونی دیالێکتدا.
هەرچەندە هێڵێکی جیاکەرەوە لەنێوان زمانو دیالێکتدا نییە، چونکە جیاوازییە زمانییەکان ڕێژەیین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند جیاوازییەک دەستنیشانکراوە.
زۆرجار بە دیالێکتێک دەوترێت زمان، چونکە سەرجەم خەسڵەتەکانی زمانیان پێوە دیارە وەک زمانێکی ئەدەبیو زمانی کارگێڕیو دەسەڵاتو لە توانایدایە وەک زمانی دەوڵەت یان نەتەوەیەک خۆی بناسێنێت، ئەم دیالێکتە ئەگەر زەمینەی سیاسیو کۆمەڵایەتی زیاتری بۆ بڕەخسێت ئەوا دەبێتە زمانی فەرمی وڵات، هەروەک ئەو دۆخەی کە ئێستا لە کوردستاندا هەیە کە کرمانجی ی ناوەڕاست وەک دیالێکتێکی زمانی کوردی تاڕادەیەک توانیویەتی وەک


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

کۆڵەکەیەکی زمانیی مامەڵە بکات، تەنها پێویستی بە بڕیارێکی سیاسی و یاسایی هەیە کە ببێت بە زمانی فەرمی یان ستاندارد لە کوردستاندا.
لێرەوە جیاوازی دیالێکت و زمان تاڕادەیەک دەردەکەوێت، کە زمان بنیاتی نەتەوە پێکدەهێنێت، بەڵام دیالێکت بەشێکە لە زمانو نەتەوە نەک هەموو نەتەوە. (محمد حسین،ل ١٧)
دەتوانین چەند خاڵێک بکەینە جیاکەرەوەی نێوان دیالێکت و زمان وەک:

١. زاراوەی تایبەت: زاراوەکانی تایبەت بە زانستەکان و بواری پەروەردەو سیاسەتو ئابوری لە زماندا بونیان هەیە، بەڵام زاراوەکانی دیالێکت ڕۆژانەو کاتین.
٢. زمانی نوسین: زمانی نوسینی زانستو بوارەکانی پەروەردەو زانست مۆرکی کۆمەڵی زمانی کوردییان پێوە دیارە، بەڵام زمانی نوسینی ئەفسانەو پەندی پێشینانو فۆلکلۆر زمانی دیالێکتینو وەک زمانی ناوچەییو دیالێکت نوسراونەتەوە.
٣. سنوری جوگرافی: سنوری جوگرافی زمان زۆر فراوانترە، بەڵام سنوری جوگرافی دیالێکت تەسکترەو چوارچێوەکەی سنوردارە.

بەشێک لە نوسەران بنەمای تێگەیشتنیان کردۆتە بنەما بۆ جیاکردنەوەی دیالێکت لە زمان، واتە ئەگەر تێگەیشتن لەنێوانیاندا هەبوو ئەوا دوو دیالێکتی سەر بە زمانێکن خۆ ئەگەر لەیەکتر تێنەگەیشتن، ئەوا دوو زمانی جیاوازن، بەڵام ئەم پێوەرە سەرکەوتوو نەبوو، چونکە زمانەکانی (سویدی، دانیمارکی و نەرویجی) تاڕادەیەکی دباش لەیەکتر دەگەن، بەڵام بە سێ زمانی جیاواز دەژمێررێن، چونکە لە ڕووی دەنگسازیو مۆرفۆلۆژیو سینتاکسیو سیمانتیکیەوە جیاوازن،لەوەش گرنگتر ئەوەیە، کەلەڕووی سیاسیو دەوڵەتداریشەوە لەیەکتری جیاوازن، بەرامبەر بەمە زۆرجار قسەپێکەرانی دیالێکتەکان لەیەکتری ناگەن وەک عێراقیو مەغریبیو لە زمانی کوردیشدا گۆرانو دیالێکتەکانی تر لەیەکتر ناگەن، بەڵام ئەم دیالێکتانە پێڕەوە زمانییەکانیان لە ئاستە زمانییەکاندا زۆر لەیەک دەچن، واتە ناوکۆییو هاوبەشی لەنێوانیاندا زیاترە نەک جیاوازی، کەواتە ناکرێت بنەمای تێگەیشتن ببێتە بنەما بۆ جیاکردنەوەی زمان و دیالێکت، بەڵکو دەبێت جیاوازی ئاستەکانی زمان بکرێتە بنەما بۆ ئەو جیاوازییە.

### ٤/٢/١ هۆکارەکانی پەیدابوونی دیالێکت:

هۆکارەکان خۆی لە (کۆمەڵایەتیو جوگرافیو سیاسیو مێژوویی) دەبینێتەوە، وەک ئاشکرایە زمانەوانەکان بۆ گەیشتن لە هۆکارو سەرهەڵدانی زمان نەگەیشتنە ئەنجامێکی ڕەها، بۆیە بڕیاریاندا دۆسییەی گەڕان بەدوای یەکەم زماندا داخەن و چیتر خۆیان سەرقاڵی ئەو بابەتە نەکەن، بەهەمان شێوە هۆکاری پەیدابوونی دیالێکتیش کارێکی ئاسان نییە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هۆکاری پەیدابوونو سەرهەڵدانی زمانو دیالێکتو زمانەکان جیاوازن، بەڵام خودی زمان هۆکارێکی سەرەکییە بۆ پەیدابوونی دیالێکت، چونکە کاتێک زمانێک فراوان دەبێتو لە چەق دووردەکەوێتەوە ئیدی بە هۆکاری سیاسی یان جوگرافی دیالێکتی جیاواز پەیدا دەبێت. کەواتە زمان خۆی هۆکاری پەیدابوونی دیالێکتە، (عەبدولمەناف رەمەزان ، ل٣٠).

ئەگەر چاوێک بە مێژووی کورددا بخشێنین، دەبینین کاتێک دەوڵەتی میدیا دەسەڵاتی هەبوو، زمانی فەرمی زمانی میدیا بوو، زمانی دایک تەنیا لەناو ئاخاوتنی خێڵدا هەبوو، هەمووان ناچار بوون لە کۆدو کۆمەڵی فەرمیدا زمانی میدیا بەکاربهێنن، دوای روخاندنی ئەم دەوڵەتە لەلایەن هەخامەنشیەکانەوە، پەیوەندی کۆمەڵایەتی میدییەکان گۆڕانکاری بەسەرداهات، بەڵام پاش ١٥٠ ساڵی دەسەڵاتداری هەخامەنشیەکانیش هێشتا چەند میرنشینێک دەسەڵاتیان هەبوو بۆیان هەبوو زمانی خۆیان بەکاربهێنن، لەوانە میدییەکان بوون کە درێژەیان بە زمانی خۆیان داو پاراستیان.

بەهۆی لەدەستدانی دەسەڵاتی کوردییەوە لە مێژوودا، زۆرجار زمانی کوردی توانای خۆی لەدەستداوە بەتایبەتی لە شارەکاندا، بە هۆکاری زاڵبوونی ئەو دەسەڵاتانە لە شارەکاندا، بەڵام تاڕادەیەک ناوچە گوندنشینەکان توانیویانە پارێزگاری لە دیالێکتەکەی خۆیان بکەن، هۆکاری ئاینی و جوگرافی و کۆمەڵایەتیش ڕۆڵی خۆی لەم بوارەدا هەیە.

### ٥/٢/١ دابەشکردنی دیالێکتەکان:

ئەو لێکۆڵینەوانەی کە دەربارەی دابەشکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی کراون، گرنگیو بەهای خۆیان بۆ ناساندنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی هەیە، چونکە هەریەک لەوکارانە ئەنجامی کنەو پشکنینی زۆری ئەو لێکۆڵەرانەیە، شایەنی باسە بە دوو جۆری جیاواز پۆلێنی ئەو دیالێکتانە کراوە ئەوانیش:

١- پۆلێنکردن بەپێی هۆکاری جوگرافی.

٢- پۆلێنکردن بەپێی جیاوازی دیالێکتەکان.

ئەو دابەشکردنانە چەندین تێبینیان لەسەرە، چونکە:

١. بەکارهێنانی زاراوە ناوی جیاواز بۆ ناوی دیالێکتو بەشە دیالێکتەکان، وەک (باکوور، سەروو، باشوور، خواروو، گۆران، هەرمانی، هەورامانی...هتد).
٢. زۆرجار رۆژهەڵاتناسەکان کەوتوونەتە هەڵەوە، چونکە زانیارییەکانیان لە کەسانی نەشارەزاو ناپسپۆڕ وەرگرتووە، یاخود زۆرجار ئەوکەسانە کوردییان بەوان ناساندووە کە دوژمنی کوردن، بەجۆرێکی شۆڤێنی بیریان کردۆتەوە، چونکە خۆیان شارەزاییان لە زمانی کوردیدا نەبووە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەڵام گونجاوترین دابەشکردن ئەو دابەشکردنەیە، کە دەبێت بەپێی قسەپێکەرانی دابەشبکرێت، نەک بەپێی شوێنی جوگرافی، چونکە قسەپێکەرانی سەرجەم دیالێکتەکان لە ئێستادا لە ناوچەیەکی دیاریکراودا نیشتەجێ نین بە هۆکاری راگواستنو دابەشبوونی کوردستان بەسەر چەند وڵاتێکی جیاوازدا، واتە هەریەکێک لە دیالێکتەکان لە ناوچەی جوگرافی جیاوازدا قسەپێکەرانیان هەیە، بەڵام بەپێی زانستی زمان هەتا قسەپێکەرێک لەهەر ناوچەیەک بە دیالێکتێک یان زمانێک قسە بکات، ئەوا ئەو دیالێکتە یان زمانە وەک زیندوو مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

ئەگەر سەیری نەخشەی جوگرافیای کوردستان بکەین دەبینین، کە کورد خاوەنی چەندین دیالێکتی ناوچەییو خێڵەکی جیاوازە، هەر ناوچەیەک بەگوێرەی باری جوگرافی و دوورو نزیکیو دابڕانیان لەیەکتری، بە درێژایی چەند ساڵێک جۆرە ئاخاوتنێکیان هەیە، هەریەکێکیان بنچینەیەکی کۆنیان هەیەو دەچنەوە سەر زمانی کوردی.

شەرەفخانی بەتلیسی زمانی کوردی بۆ چوار دیالێکت دابەشکردووە ئەوانیش (کرمانج، لوڕ، کەلهوڕ، گۆران) ( هاشم عاصی کاکەیی، ل٧)

شەرەفخان دەڵێ کوردەکان لەرووی زمانو باری کۆمەڵایەتیەوە، چوار دیالێکتن، بێگومان نزیکی ئەم دیالێکتانە لەیەکتری وەک دیالێکتەکانی زمانی کوردی دابەشکراون (شەرەفخانی بەدلیسی، ل١٢٧)

بەڵام گونجاوترین دابەشکردن ئەو دابەشکردنەیە، کە سەرجەم دیالێکتەکان لەخۆدەگرێت و لەگەڵ ئێستای زمانی کوردیدا دەگونجێت:

١) کرمانجی ی خواروو: شێوە دیالێکتەکانی {لوڕی رەسەن، بەختیاری، مامەسانی، کۆهگلۆ، لەک، کەلهوڕ} دەگرێتەوە.
٢) کرمانجی ی ناوەڕاست: بریتین لە شێوە دیالێکتەکانی {سنە، سۆران، هەولێر، سلێمانی، ئەردەڵانی، کەرکوک، گەرمیان، موکری، شارباژێڕی، پشدەری}.
٣) کرمانجی ی ژووروو: یەکێکە لە دیالێکتە فرە قسەپێکەرەکانی زمانی کوردی، کە لە چەند شێوە دیالێکتێک پێکهاتووە {بایەزیدی، هەکاری، بۆتانی، شەمدینانی، بادینانی، شێوە دیالێکتی رۆژئاوا}.
٤) گۆران و زازا: بریتین لە شێوە دیالێکتەکانی {هەورامانی تەخت، هەورامانی لهۆن، شەبەکی، کاکەیی، کەنولەیی، زەنگەنەیی و باجەڵانی، زازایی} دەگرێتەوە. (مهاباد کامل عبدالله،ل١ )


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**٠/٢ چەمک و پێناسەی فەرهەنگ:**

ئەو تۆمارەیە کە سەرجەم وشەکانی تێدا تۆماردەکرێت، بەمەبەستی پاراستنی لە فەوتانو لە لەناوچوون، ئەو وشانەی کە لە فەرهەنگدا تۆماردەکرێن، نوسراو و نەنوسراو و گوتراو و نەگوتراو دەگرێتەوە، هۆکارێکە بۆ کۆکردنەوەی وشەکانی زمان، کە دەیانناسێنێت و هەندێکجار شرۆڤەیان بۆدەکات، (قاموس، فەرهەنگ یاخود وشەنامە)شی بۆ بەکاردەهێنرێت.

زمانەوانەکان پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ فەرهەنگ کردووە، زۆرجار فەرهەنگی ئاوەزیو فەرهەنگی ئاسایی تێکەڵکراوە، چونکە زۆرجار تەنها لێکدانەوەی وشەکان ئامانج بوو. (محمد مجید سەعید،ل ٩)

زۆرجار کە تێکستێک دەخوێنینەوە، چەند وشەیەک دێنە بەرچاو کە نەمانبیستوون و لێیان ناگەین، تەنانەت ئەگەر بە زمانی دایکیش نوسرابن، بۆ ئەمەش نەتەوەکان لە دێرزەمانەوە هەوڵیان داوە وشەی زمانەکەیان تۆماربکەن. فەرهەنگی زمان دەریایەکی بێکۆتایە، بەڵام ئەو کتێبەی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان دەکرێتو مەزنی خۆی هەیە وەک دەریایەکی گەورە دێتە بەرچاو.

بەگشتی دوو جۆر فەرهەنگ دێتە بەرچاو، یەکەمیان ئەو جۆرەیە کە وشە دادەنرێتو واتاکەی بەهەمان زمان شرۆڤە دەکرێت، جۆری دووەمیان ئەوەیە کە واتای وشە بە زمانێکی تر لێکدانەوەی بۆ دەکرێت.

لە ئێستادا فەرهەنگ تەنها وەرەقە نییە، بەڵکو فەرهەنگی ئەلکترۆنیش رۆڵی ئێجگار گەورە دەبینێت. فەرهەنگ هەمیشە لە فراوانبووندایە، ئامرازێکە بۆ کۆکردنەوەی وشەکانی زمانێک، کە دەناسرێن و شرۆڤەیان دەکات، کە هەندێکجار لەگەڵ زمانێکی تردا بەراوردیان دەکات، فەرهەنگە گشتیەکان گەنجینەیەکن سەرجەم وشەکانیان تێدا هەڵگیراوە، جۆرێکی تر لە فەرهەنگەکان تایبەتن بە زانستێکی تایبەت.

هەر زمانێک لە زمانە زیندووەکان، هەزارەها وشەی تێدایە، کە رەنگدانەوەی ژیانو کۆمەڵنو رادەی پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگایەک پیشاندەدات، هەرچەند فەرهەنگێک دەوڵەمەند بێت، بەڵام دیسان بۆشایی تێدا دەبینرێت، چونکە هاتنە ناوەوەی وشەو گۆڕانکارییەکان هێندە خێران، رەنگە فەرهەنگ فریای لەخۆگرتنە زووەو زۆرەی وشەی رۆژ نەکەوێت، لەبەر ئەم هۆکارە بۆشایی لە فەرهەنگدا دەبینرێت، لەگەڵ ئەوەشدا فەرهەنگ ئاوێنەی کۆمەڵەو ڕادەی پێشکەوتنی هەر نەتەوەیەک لەڕێی تەماشاکردنی فەرهەنگەوە فەراهەم دەکرێت.

زمان و وشەو فەرهەنگ پەیوەندییەکی زۆر بەتین لەنێوانیاندا هەیەو بەیەکەوە پەیوەستن، تەنانەت وشە ئەبستراکتەکانیش لە فەرهەنگدا وەک وشە کۆنکرێتەکان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، هەر وشەیەک وەڵامی پرسیاری (کەی، بۆکێ، چی؟) دایەوە ئەوا دەچێتە ناو فەرهەنگەوە. (رێژنە معروف،ل ١٩)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)




**١/٢ جۆرەكانی فەرهەنگ:**

جۆرەكانی فەرهەنگیش دابەش دەبێت بۆ:

١. فەرهەنگی بنەڕەتی.
٢. فەرهەنگی گشتی.

١. فەرهەنگی بنەڕەتی: ئەو وشانەن كە كۆمەڵ لەسەری ڕێككەوتوون، لای قسەپێكەرانی زمانەكە ناسراون، پەیوەندی بە ژیانی بنەڕەتی مرۆڤەوە هەیە، ئەمانە بە بنەڕەتی زمان دادەنرێن، بۆ سازدانو دروستكردنی وشەی نوێش پەنا بۆ ئەم وشانە دەبرێت، فەرهەنگی بنەڕەتی چەسپاوەو زۆرتر دەژیو بە ڕەسەن دادەنرێت ئەوانیش ئەم كێڵگانە دەگرێتەوە:

ناوی خزمایەتی {دایك، باوك، خوشك...هتد}
ناوی ئەندامی جەستە {مێشك، دەست، دەم، چاو...هتد}
ناوی ئاژەڵ {مریشك، مانگا، كەروێشك...هتد}
ژمارە {یەك، حەوت، نۆ...هتد}
ئاوەڵناو {ڕەش، سپی، گەورە، بچوك...هتد}
چاوگ {بردن، وەستان، كردن...هتد}
بەروبوومی كشتوكاڵی {هەرمێ، هەنار، گوێز، تەماتە...هتد}

ئەم وشانە بە ناوكی زمان دادەنرێن و بەردەوام لە قسەكردندا بەكاردێن ریفۆرمانستێكی ئەو وشانەی ئەم نیشانەو مەرجانەیان تێدابێت كە لەم هێڵكارییەدا هاتووە وەك فەرهەنگی بنەڕەتی مامەڵەیان لەگەڵ دەكرێت (فاروق عمر صدیق، ل٣٩) :


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

١) نیشانەو مەرج

چەسپاوی — توانای سازکردنی وشەی نوێ — ناسراوی و ئاشکرایی

٢) پرسیار

کەی؟ — بۆکێ؟ — چۆن؟

٣) وەڵام

هەمیشە — بۆ هەمووان — لە سەرجەم بارودۆخەکاندا

کەواتە وشەکانی ئەم فەرهەنگە پسپۆڕی نینو تایبەت نین بە زانستێک یان زانایەک، بەڵکو موڵکی سەرجەم قسەپێکەرانن، ئەم فەرهەنگە بەشێکە لە فەرهەنگی گشتی، ئەگەرچی ژمارەیان زۆر نییە، بەڵام چالاکن، چونکە سەرجەم قسەپێکەران بەکاری دەهێنن و مۆرکی نەتەوەییان پێوەدیارە.

٢. فەرهەنگی گشتی: ئەو فەرهەنگەیە، کە سەرجەم وشەکانی زمان لەخۆدەگرێت، ئەو وشانەش دەگرێتەخۆ کە لە فەرهەنگی بنەڕەتیشدان، چونکە ئەم فەرهەنگە گشتیەو ژمارەیەکی ناکۆتا لە وشە لەخۆدەگرێت و بە یەکێک لە هۆکارەکانی دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگ دادەنرێت، دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگیش بەستراوە بە گەشەکردنو بەرەوپێشچوونی ژیانی مرۆڤەوە لە سەرجەم بوارەکاندا (عوسمان کریم، ل١٠).

جۆرەکانی وشەی فەرهەنگیش بەپێی بەکارهێنانیان دوو جۆرن، بەشێکیان گەنجینەی وشە چالاکەکان و بەشەکەی تریان وشە ناچالاکەکانن، وشە چالاکەکان ئەوانەن کە بەسەر زاری سەرجەم قسەپێکەرانەوەن، بەڵام ناچالاکەکان ئەو وشانەن، کە لەلایەن سەرجەم چینەکانەوە بەکارناهێنرێن، بەڵکو کەسانی پسپۆڕ بەپێی تەمەنو پیشەو شوێنو ئاستی رۆشنبیری بە جیاوازی بەکاریدەهێنن، بۆ نموونە (لاپ تۆپ) تەنها ئەوکەسانە بەکاریدەهێنن، کە لە کۆمپیوتەر دەزانن‌و بەکاریدەهێنن، هەروەها وشەی (گندۆرە) تەنها لە ناوچەیەک لە ناوچەکانی کوردستان بەکاردێت، نەک هەموو کوردستان.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**٢/٢ فاكتەرەكانی دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگ:**

سەرجەم زمانەكان بەبەردەوامی فەرهەنگەكەیان دەوڵەمەند دەبێت، هەندێكجار ئەم دەوڵەمەندبوونە هۆكارەكانی سروشتیە واتە خۆویستە، بەبێ ئەوەی هیچ هەوڵێكی تاكەكەسی یان كۆمەكی هەبێت وشە دێنە زمانەكەوە، دەبێتە هۆی دەوڵەمەندی زمانەكە، بەهۆی چەند فاكتەرێكەوە فەرهەنگ دەوڵەمەند دەبێت، وەك:

١) هۆكاری نازمانی :هۆكاری ڕامیاریو كۆمەڵایەتیو شارستانییەتی نەتەوەكانە كە هەریەكێك لەم هۆكارانە لەگەڵ خۆیاندا چەند وشە دەهێننە ناو زمانەوە، ئەگەر ڕاپەڕینی سیاسیو چەكداری یاخود خەباتێكی مەدەنیو كۆمەڵایەتی یاخود وەك بەلاوەنانی دیاردەیەكی نەشیاوی كۆنەپەرستیو هێنانە ئارای بیروڕای مۆدێرنو ئازادیخواز. هەروەها هۆكاری ئابووریش كاریگەرییەكی زۆری هەیە، بۆ هاتنە ناوەوەی وشەی نوێ لەم بوارەدا، چونكە بازرگانەكانو ئەوكەسانەی كە پێویستیان بە مامەڵەیە بەناچاری ئەو وشانەی كە تایبەتن بە مامەڵەكانیان بەكاریدەهێنن، دواتر دێنە ناو فەرهەنگی زمانەكەوە، ئەگەر وەک زمانی بەرامبەریش بەكارنەهێنرێن، ئەوا وەردەگێڕرێنە سەر زمانە بەكارهاتووەكە: وەك (باج، دەرماڵە، جیاوک، بازاڕی ڕەش ...هتد).

هۆكاری ڕامیاریو ئابووری، هۆكاری سەرەكی نزیككردنەوەی دیالێكتەكانو زمانەكانن، بوونی دەسەڵاتێكی ناوەندیو بەهێزو زاڵ بەسەر هەرێمەكاندا هۆكاری سەرەكی نزیكبوونەوەی دیالێكتو زمانە .

٢) هۆكاری زمانیی: كاریگەری زمانیی لەڕێی ئەدەبو ڕۆشنبیرییەوە ڕۆڵی خۆی لە دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگدا هەیە، زۆرجار بەرهەمە ئەدەبیەكان كاریگەری زۆریان هەیە، چونكە ئەو بەرهەمانە دەكەونە بەردەستی خەڵكی ڕۆشنبیرو خوێنەرو ڕاستەوخۆ كاردەكەنە سەریان، بۆ نموونە ئەدەبیاتی فارسیو توركیو عەرەبی هۆكارێكی سەرەكی بووە لەم بوارەدا، هەروەها قورئانیش كاریگەری خۆی هەبووە. یاخود وشەكانی (تراژیدیا، كۆمیدیا، ئایدیالیزم (نموونەیی)، فۆنێم، مۆرفێم، ئیدیەم) واتە بۆ سەرجەم بوارە زانستییەكان وشەو زاراوەی نوێ دێنە ناو فەرهەنگەوە.

زمانو دیالێكتەكان بەبەردەوامی لە ململانێدان، هەر یەكێك لەو زمانو دیالێكتانەش كاریگەرییان لەسەر یەكتری هەیە، ئەم ململانێیانەش دەبێتە هۆی ژەهراوی بوونی زمان، كە دیاردەیەكی ترسناكە، كە دەستەواژەیەكی زانستیی زمانییە، بەو یاساو ڕێسا وەرگیراوانە دەوترێت، كە دەچنە ناو زمانێكی ترەوە، دواجار زمانە ژێردەستە بەرەو مردن دەبات، بە سێ قۆناغ گۆڕانكاری لە زماندا دروست دەبێتو زمان لاواز دەبێتو دەكەوێتە ژێر دەسەڵاتی زمانە زاڵبووەكەو ئەوانیش:


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

١- لە قۆناغی یەکەمدا تەنها وشە دێتە ناو زمانەکەوە، ئەمە دیاردەیەکی ئاساییە، ناتوانرێت ڕێگا لە هاتنە ناوەوەی وشە بگیرێت، بەپێی سەردەم و قۆناغەکان ئەمە ڕوودەدات.
٢- لە قۆناغی دووەمدا یاساو ڕێساکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێتو زمانە لاوازەکە دەکەوێتە ژێر یاساو دەستوری زمانە زاڵبوەکەوە.
٣- لە قۆناغی سێیەمدا زمانە لاوازەکە دەکەوێتە ژێر کاریگەری یاساو گۆکردنە فۆنۆلۆژییەکانی زمانە زاڵەکەوە، کە ئەم قۆناغە قۆناغێکی ترسناکەو لەگەڵ وشەو یاساو ڕێساکاندا گۆکردنەکانیش لە قاڵبی زمانی خۆماڵی دەردەچنو دەچنە ژێر کاریگەری زمانە زاڵەکەوە.

وەرگرتنو خواستنی وشەی بیانی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، کارێکی سروشتیەو زۆرجار زمانێک نییە کە وشەی بێگانەی تێدا نەبێت، بەڵام ترسناکی ئەم دیاردەیە کاتێک دەردەکەوێت کە ئاخێوەری زمان نەتوانێت بە زمانی خۆی بیربکاتەوە لە داهێنانی وشەی نوێ، لەوکاتەدا دنیابینی تاکەکان بۆ دروستکردنی وشە تەنها لاسایی کردنەوە دەبێت. لە هەر بوارێکدا لاسایی کردنەوە بوو بە کلتور ئیدی داهێنان نامێنێتو هەمووان دەبن بە بەکاربەر.

وەرگرتنو خواستنی وشەی دەرەکی کارێکی ئاساییە، بەمەرجێک بۆ پێداویستی بێت لە زمانەکە خۆیدا نەبێت، هەروەها لەژێر یاسای فۆنۆتاکتیکی زمانەکە خۆیدا کاربکاتو ڕەنگدانەوەی دنیابینی تاکی زمانەکە خۆی بێت (محمد مجید سعید،ل ١١٥)، چونکە ئەوەی زمان لە فەوتان دەپارێزێت یاساو ڕێساکانن نەک وشەو دەستەواژەکان، لەناو یاساو ڕێسای گۆکردنو دەربڕینی وشەکان بەهەمان گۆکردنی زمانە بنەڕەتیەکە ترسناکترین دیاردەیە، کە ئیدی بوار بۆ زمانە خۆماڵیەکە ناهێڵێتەوەو ماسولکەکانی قوڕگو دەمو لێو بەشدار دەبن لە دەربڕینیدا، بۆیە دەوترێت خواستنی سەدان وشە هێندەی هاتنە ناوەوەی فۆنیمێکی بێگانە ترسناک نییە، هەندێکجار بە هەڵمژینیش ناودەبرێت، چونکە ئەو فۆنیمە لە چەندین وشەی تردا بەشدار دەبێتو ئەستەمە بتوانرێت بەری پێ بگیرێت .

زمانیش وەک مرۆڤ لەدایک دەبێتو گەشە دەکاتو دەمرێت، بۆیە زمان بەبەردەوامی لە نوێبوونەوەدایە، کاتێک زمانێک لە توانایدا بوو خۆی لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا بگونجێنێت، ئەوا وەک زمانێکی زیندوو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، چونکە زمان بەبەردەوامی پێویستی بە تازەبوونەوە هەیە، پێویستە ئەو کەلێنانە پڕ بکرێتەوەو هەمیشە کەرەستەی پێویست بۆ ئەو مەبەستە هەبێت.

وشەکانیش بۆئەوەی بتوانن لەناو فەرهەنگدا جێیان بێتەوە، دەبێت ئەم تایبەتمەندییانەی تێدابێت:
١. وشەکان تا ژمارەی فۆنیمەکانیان کەمتربن و لەگەڵ فۆنۆتاکتیکی زمانەکە بگونجێن زووتر دەچەسپێن.
٢. ئەگەر وشەیەک تەنها بیرو چەمک بێت بە کۆنکرێتی لە زمانەکەدا نەبێت ئەوا زۆر درەنگ لە زمانەکەدا جێی دەبێتەوەو کاتی زۆری دەوێت تا لەلای خەڵک بچەسپێت.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٣. زۆرجار زاڵبوونی دەسەڵاتێک، فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ هاتنە ناوەوەی وشەکان، چونکە بەناچاری ئەو وشانە دەچەسپێن کە دەسەڵات بەکاریدەهێنێت.

٤. تازەگەریو بەجیهانیبوون هۆکارێکی ترە بۆ هاتنە ناوەوەی وشە بۆ ناو زمانەکان، بەتایبەتی لای شاعیرانو رۆشنبیران ئەمەش فەرهەنگی زمان دەوڵەمەند دەکات، هەروەها ئاینیش لەم بوارەدا رۆڵی باشی هەبووە لە هاتنە ناوەوەی وشەکانی کە لە قورئاندا هەن بۆ ناو ئەو زمانانەی کە موسڵمانن، تەنانەت میللەتە ناموسڵمانەکانیش زۆرجار بەکاریدەهێنن. (فاروق عمر،ل ٥٢)

### ٣/٢ ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ:

زمان خاوەن پێڕەوێکی تایبەتە، لە سەرجەم ئاستەکانی (فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، سینتاکس، واتاسازیدا) سیستەمێکی تایبەت پەیڕەو دەکرێت، کە هەر زمانێک لە چەندین وشەی ناکۆتا پێکهاتوون، هەریەک لەو وشانەش لە (فۆرم و واتا) پێکهاتوون، زۆربەی وشەکان فۆرم و واتایان لە زمانەکەدا جێگیر بووە، هەریەکێکیان وێنایەکی لە مێشکی هەمووواندا هەیە، کاتێک فەرهەنگی زمانێک دەوڵەمەند دەبێت کە زۆربەی وشەکانی لای تاکەکانی ناسراوبنو هەمووان بتوانن بیانناسنەوە لە فۆرم و واتاشدا (محمد معروف،ل ١٣)، تاکو وشەکان لە رووی فۆرمەوە زۆربن ئەوا سینۆنیم زۆرتر دەبێت و بەڵگەی دەوڵەمەند فەرهەنگی زمانەکە دەگەیەنێت.

چەند ڕێگایەکی گرنگ بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان هەن، کە بەشێکیان ڕێگای نازمانینو بەشێکی تریشیان زمانین.

ڕێگا نازمانییەکان بریتین لە: ئەدەب، رۆشنبیری، کلتور، نیۆگولیزم، ئایین و... وەک لە پێشتر باسکراوە.

بەڵام ڕێگا زمانییەکانی کە فەرهەنگ دەوڵەمەند دەکەن بریتین لە: ئەو ڕێگایانەن کە وشەی نوێیان پێ دروست دەکرێت، پاشان لە فەرهەنگدا جێگیر دەبنو فەرهەنگی زمانی پێ دەوڵەمەند دەبێت.

ڕێگاکانی دروستکردنی وشەش بریتین لە:

١) هەڵگواستن: ئەو پرۆسەیەیە کە وشەیەکی هەڵگوێزراو بەرهەمدەهێنێت بەیارمەتی مۆرفیمەکانی هەڵگواستن (پێشگر، پاشگر، ناوگر) کە لەگەڵ وشەیەکی یاخود مۆرفیمێکی تر وشەیەکی نوێ دروست دەکات. وەک:

ب + کوژ ← بکوژ

خوێن + بەر ← خوێنبەر

بە + هێز ← بەهێز

پێشگرو پاشگرەکان چالاکترن لەچاو ناوگرەکاندا. وەک:


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەردەنوێژ

گێلەپیاو

٢) لێکدان: ئەم ڕێگایە دوو ڕەگ یاخود دوو وشە بەشداری داڕشتنی دەکەن، هەندێکجار ئەو دوو پارچەیە بەجۆرێک یەکدەگرن کە جیاکردنەوەیان کارێکی ئاسان نییە، بە نموونە:

ماست + او ← ماستاو

گران + ە + تا ← گرانەتا

٣) تێکەڵکردن: زاراوەیەکی زمانەوانییە، کە لە تێکەڵکردنی دوو پارچەی بچووکی وشە دروست دەبێت، کە لە بەشی یەکەمی وشەی سەرەتای و بەشی کۆتایی وشەی دووەم دروست دەبێت. وەک: (ڕۆڤار) کە لە ڕۆژنامەو گۆڤارەوە وەرگیراوە. (ڕۆ) لە بەشی یەکەمی ڕۆژنامەو (ڤار)ی وشەی گۆڤار وەرگیراوە.

٤) پارچە لێوەرگرتن/ وردکردنەوە: کە پارچەیەک لە وشەیەک وەردەگیرێت کە سەرەتاکەی بێت یان کۆتاییەکەی، هەرچەندە ئەم پرۆسەیە زۆر بە بەرهەم نییە، بەڵام نموونەشمان هەیە، وەک:

یەکێتی نیشتمانی ← یەکێتی

بزوتنەوەی گۆڕان ← گۆڕان

٥) ئەکرۆنیم: وەرگرتنی پیتی یەکەمی وشەکانی فرێزێکو پاشان لەیەکدانیان کە وشەیەکی نوێی لێ دروست دەبێت، ئەم پرۆسەیە لە سەرجەم بوارەکاندا جێبەجێ دەکرێت، وەک پزیشکیو رامیاریو زانستی. وەک:

پ.ی.د. ← پرۆفیسۆری یاریدەدەر

پ.ز ← پێش زایین

هتد ← هەتا دوایی

٦) ئەنالۆژی: لەم پرۆسەیەدا وشەی نوێ لەسەر شێوازی وشە دروستکردنی زمانەکە پەیڕەو دەکرێت، بۆ نموونە( دارستان) مان هەیە لەسەر ئەو شێوەی داڕشتنی ئەو وشەیە( داعشستان) مان دروستکردووە کە وشەیەکی ئێجگار نوێیە. یاخود سێرچکردن کە لە ئێستادا بەکاردەهێنرێت.

٧) هەڵگەڕاوە: گۆڕانی وشەیەکە لەڕووی ئەرکەوە پۆلەکەی بگۆڕێت. ناو ببێت بە کردار، بۆ نموونە:

بەجوانی هات ← ئاوەڵکردار

جوان هات ← ناوە

ئەو جوانە ← ئاوەڵناو

سەرجەم ئەو وشانەی کە بە ڕێگای زمانیی دروست دەبن، گرنگی خۆیان لە قسەکردندا هەیەو دەبنە بەشێک لە فەرهەنگ.

سەرەڕای ئەم ڕێگا زمانییانە چەندین ڕێگای نازمانیش هەیە، کە فەرهەنگیان پێ دەوڵەمەند دەبێت، وەک:


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

١. وەرگرتن: پرۆسەیەکە کە لە زمانێکی ترەوە وشە وەردەگرێت، جۆرێکیان ئەو وشانەی کە لە زمانی بێگانەوە وەردەگیرێن و دەخرێنە ژێر یاسای فۆنۆتاکتیکی زمانە خۆماڵییەکەوە جۆرێکی تریان ئەوانەن کە وەک خۆیان دێنە ناو زمانەکەوە، وەک زاراوە جیهانیەکان، ئۆکسجین، کرۆم، ئەسپرین (بڤۆێن یەحیا محەمەد،ل ١١٥)

هەر ئەو زمانانەی کە بە زیندوو دادەنرێن، زۆر زەحمەتە بتوانن خۆیان بەدوور بگرن لە هاتنە ناوەوەی وشەی نوێ، بەڵام پاش گونجاندنیان لەگەڵ زمانەکەدا .

وەرگرتنی وشەی بیانی دیاردەیەکی ئاساییە، کە گەنجی وشەیان پێ دەوڵەمەند دەکرێت، هیچ زمانێک بەبێ سیستم و پەیڕەو وشە وەرناگرێت، لە ئەنجامی پێکەوەبوون‌و دراوسێیەتی‌و پەیوەندییەکان چەندین وشە هاتۆتە ناو زمانەکەوە .

ڕێگای وەرگرتن یەکێکە لە ڕێگاکانی لەدایکبوون‌و سازکردنی وشە لە زمانی کوردیدا. زۆرجار بە ناڕاستەوخۆ وشەی وەرگرتووە {وەزیر، پاشا – فارسی، سابوون، قەڵەم – عەرەبی، تەپە، قەرە – تورکی، دارچین، زافەران – هندی، بالکۆن، سڤیل – فەرەنسی} بەڵام زۆرترین ئەو وشانەی کە هاتونەتە زمانەکەوە، عەرەبین، زۆرجار وشە تابۆکان زمانی ناچار کردووە، کە وشەی بێگانە بەکاربهێنرێت، وەک W.C ، سێکس، ستیان ...هتد.

٢. دیالێکت: وەک پێشتر باسمان کرد زمانی کوردی لە چوار دیالێکتی سەرەکی‌و چەند بەشە دیالێکتێک پێکدێت، کە دەبنە هۆی هاتنەناوەوەی چەندین وشەو زاراوەی جیاواز بۆ ناو فەرهەنگی زمانی ستاندەر، هەرچەند هێنانی وشە لە دیالێکت‌و بەشە دیالێکتەکانەوە زۆرجار هاوسەنگی زمانە ستاندەرەکە تێکدەدات، چونکە زۆرجار کاردەکاتە سەر سیستەمی فۆنەتیکی زمانە ستاندەرەکە.

بەڵام مەرجی سەرەکی بۆ وەرگرتنی وشە لە زارێکی ترەوە دەبێت، پڕکردنەوەی کەلێن بێت، واتە وشە نەبێت بەرامبەری بۆ نموونە هێنانی وشەی (دواردی) لە هەورامیەوە بەرامبەر مەقەست ئاساییە، چونکە مەقەست لە عەرەبییەوە وەرگیراوە، بەڵام ناتوانین (تاتە) کە بەواتای (باوک) دێت بهێنین، چونکە (باوک) وشەیەکی کوردییەو چەسپاوە لە کوردیدا.

هێنانی وشەو زاراوەی ناوچەکان بۆ دەوڵەمەندکردنی زمان، پرۆسەیەکی ئاساییە، کەواتە دەتوانرێت سود لە دیالێکتەکانی زمان وەربگیرێت، بەڵام ئەگەر بێت‌و بەبێ لێکدانەوە ئەو وشانە بهێنرێنە ناو زمانەوە ئەوا دەبێتە هۆکاری دروستبوونی دوو هێزی، چونکە لەوبارەدا زمانەکە بارقورسی دەکەین (بڤۆێن یەحیا محەمەد، ل١٢١)

زۆرجار ئەو وشانەی کە لە دیالێکتەکاندا بەکاردەهێنرێن، سەرجەمیان لەناو سیستمی زمانەکەدا نین، بەڵکو تایبەتن بە دیالێکتێک، لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاریدەهێنن، بەڵام لەگەڵ زمانە ستاندەرەکەشدا هاوبەشییەکیان هەیە، بەڵام نابێت وشە ناوچەییەکان بەکاربهێنرێن، چونکە دەبێتەهۆی لاواز زمانە ستاندەرەکە، لەناو دیالێکتەکانیشدا پەیوەست بە زمانە ستاندەرەکەوە، چەندین جۆر لە وشە جیادەکرێتەوە، وەک:


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

١- وشەی تایبەت بە دیالێکتێک، ئەو وشانەن، کە تایبەتن بە دیالێکتێک یاخود ناوچەیین و لە زمانە ستاندەرەکەدا بەکارنایەن، وەک:

گندۆرە ← کاڵەک

کودی ← کولەکە

ئەدا ← دایک

٢- وشەی – فۆنەتیکی، ئەو وشانەن کە یەکێک یاخود چەند فۆنیمێکیان جیاوازە، وەک:

وا ← با

واران ← باران

٣- وشەی – مۆرفۆلۆژی، ئەو وشانەن کە رەگەکانیان هاوبەشن، بەڵام دروستەی مۆرفۆلۆژییان جیاوازە، وەک:

کورەێک ← کوڕێو

بـــــرا ← بریا

٤- وشەی – سیمانتیکی، ئەو وشانەن کە لە زمانەکەدا هەن و واتایان دیارە، بەڵام لە دیالێکتەکەدا بە جیاوازی بەکاردێن، وەک:

(جوان) لە کرمانجی ی سەرووودا وشەی (تازە)ی بۆ بەکاردێت، کە خۆی ئاوەڵناوێکە، بەڵام واتاکانیان جیاوازە.

پرۆسەی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان لەسەر بناغەی دیالێکتەکان بنیاتنراوە، چونکە دیالێکتەکان هۆکارێکی سەرەکی دەوڵەمەندکردنی زمانن، هەروەها دیالێکتەکان بە بنەماو بناغەی زمان دادەنرێن، ئەو دیالێکتانە زۆربەیان تەنها لە ژینگەیەکی دیاریکراودا کاریانپێدەکرێت، ئەو وشانەی کە لەناو دیالێکتەکاندان زۆرجار بە ویستو نەویست دێنە ناو زمانەکەوەو دەبنە هۆکاری دەوڵەمەندبوونی زمانەکە، ئەو وشانەش بە دوو جۆر دێنە ناو زمانەکەوە، وەک:

١) ئەو وشانەی تایبەت بن بە ناوچەیەکی دیاریکراو، بەڵام بەشێکن لە کلتورو نەریتی ناوچەکە.
٢) ئەو وشانەی کە گونجاوو لەبارن بۆ دەربڕین، لەگەڵ زمانە ستاندەرەکەدا هاوواتانو لەبری یەکتر بەکاردێن (عوسمان کریم، ١٠٠)

هاوواتابوون یەکێکە لە سەرچاوەکانی دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگ، ئەم پرۆسەیە نەک تەنها لە قسەکردندا بەڵکو زۆرجار لە نووسینیشدا ئەم وشانە لەبری یەکتر بەکاردێن، دەبنە بەشێک لە زمانەکە، بۆ نموونە:

تەوێڵ ← ناوچەوان

فـــرە ← گەلێک

دیالێکتە سەرەکیەکان لەقاڵبدراوی هەمان زمانن کە زمانی کوردییە (محەمەدی مەحوی،ل ٤٣)، چونکە زمانی فەرمی هەر نەتەوەیەک، یەکێکە لە دیالێکتەکانی ئەو زمانە، کە لەلایەن تاکەکانیەوە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەکاردێت. بوونی جۆراوجۆری زمان و دیالێکت دیاردەیەکی ئاساییەو لەناو هەموو نەتەوەیەکدا بەرچاو دەکەوێتو دەبێتە هەوێنی فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی زمانەکان، واتە دەبنە هۆکاری زەنگینی زمانی فەرمی ئەو وڵاتە، هەرچەندە لە ئێستادا بە بڕیارێکی پەرلەمانیو دەستوری خاوەنی زمانێکی ستاندەر نین، بەڵام سەرجەم بنەماکانی زمانی ستاندەر بوونی هەیە، کە لە حکومەتو پەرلەمانو دامودەزگا فەرمییەکاندا بەکاردێت، ئەم زمانە چەندین وشەی جۆراوجۆری لە دیالێکتەکانەوە وەرگرتووە، چونکە بوونی فەرهەنگێکی گشتی واتای بوونی دیالێکتو نیمچە دیالێکتە لە زمانێکدا، کە بەڵگەی زیندوویەتی هەر زمانێکە دیالێکتەکان بە هۆکاری جۆراوجۆر زمانی کوردییان دەوڵەمەند کردووە، سەرجەم دیالێکتە کوردییەکان فەرهەنگێکی تاڕادەیەک گشتیان هەیە، چونکە فەرهەنگیش وەک سەرجەم یان بەشێک وەک زنجیرەیەک پێکەوە بەستراون، واتە چۆن هەر زمانێک خاوەن یەک کلتورو شارستانیەتن بەهەمان شێوە فەرهەنگیش بەشێکە لەو کلتورو شارستانیەتە، چونکە فەرهەنگ ڕەنگدانەوەی ژیانو کلتوری هەر میللەتێکە .

کلتورو شارستانیەتی کوردیش بە سەرجەم دیالێکتەکانەوە هەمان شتە بۆیە زۆربەی وشەکانیش هەمان فۆرم و واتایان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە هۆکاری جیاوازی ناوچەکان لەیەکتری، بوونی دیالێکتی جیاواز لە ژینگە جیاوازەکاندا وشەی جیاواز لەبەرچاو دەرکەوێت، کە زۆرجار ئەم وشانە بوون بە هاوواتای یەکتر لەگەڵ دیالێکتەکانی هەمان زماندا، هەرچەندە هەندێک جار دەوترێت کە دیالێکت دەبێتە هۆی لاسەنگی لە زمانی ستاندەردا، بەڵام ئەگەر لە زمانە ستاندەرەکەدا کەلێن هەبوو دەتوانرێت سود لە وشەکانی ناو دیالێکتەکان وەربگیرێت .

مێژووی نەتەوەی کورد پڕیەتی لە ڕووداوو کارەساتی جۆراوجۆر، کە بەبەردەوامی گۆڕانکاری تێدایە، تائێستاش ناجێگیرەو لە گۆڕانکاریدا بەردەوامە، ئەم گۆڕانکارییانەش لە زماندا بەرجەستە دەبنو بەپێی گۆڕانکارییەکان فەرهەنگی زمانەکەش گۆڕانکاری بەسەردا دێت، ئەو وشانەش ئەدەبو دەسەڵاتو ئایین، ڕاگەیاندنو بازرگانیو ئابوورییان پێ دەنوسرێت، فەرهەنگی هەریەکێک لەم بوارانەش تایبەتمەندی خۆی هەیە، شاعیرانو ڕۆشنبیران ڕۆڵێکی ئێجگار گەورەیان بینیوە لە هێنانە ناوەوەی وشەی جوانو مۆسیقی بۆ ناو زمانی کوردی.

دەسەڵاتی هەریەک لە ئەمارەتەکان، کە دەسەڵاتی ناوەند کوێ بوبێت، زمانی ئەو ناوەندە بووە بە هەوێنی زمانو ئەدەبیاتو ناوچەکانی تریش ناچاربوون بەودیالێکتە بەرهەمەکانیان بڵاوبکەنەوە. کرمانجیی ناوەڕاست یەکێکە لەو دیالێکتانەی کە لە ئەمارەتی بابانەوە بەردەوامی هەیەو تائێستاش پچڕانی بەخۆیەوە نەدیوە، پەیوەندی باشی بە دیالێکتەکانی ترەوە هەیە، ئەم دیالێکتە هۆکارێکی سەرەکی دەوڵەمەندبوونی زمانی ستاندەر. ئابووری و بازرگانیش، ڕۆڵی خۆی لە داهێنانی وشەو وشەداڕشتندا هەیە، چونکە هەموو تاکێک پێویستی بە ئاڵاو وێر هەیە، بۆ ئەمەش پێویستی بە زمانێکی باش هەیە .

زۆرجار کوردستان بازاڕێکی باش بووە بۆ ساغکردنەوەی کاڵ بیانییەکان بەبەردەوامی تاکی کورد پەیوەندی بە کەسی بیانیەوە کردووە، بۆئەمەش ناچاربووە زمانی بازرگانە بیانیەکان


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بزانێت بەمەش وشەی نوێیان هێناوەتە ناو زمانی کوردیەوە. یاخود ناچار بووە وشەی نوێ بۆ ئەو وشانە دروست بکات کە خۆی نیەتی، بەمەش فەرهەنگ دەوڵەمەند بوو وەک {کۆمپانیا، هاوردە، کارگۆ}.

کەواتە دەتوانین بڵێین بوونی دیالێکتو کاریگەری بۆ سەر فەرهەنگ و زمانی ستاندەر بە دوو ئاراستە کاردەکات، ئاراستەیەکیان ئەگەر دیالێکتێک لە توانایدابوو جڵەوی زمانە ستاندەرەکە بگرێتو زمانە ستاندەرەکە بکەوێتە ژێر کاریگەری دیالێکتی ناوچەییەوە، ئەوا ناهاوسەنگی دێتە ئاراوە، بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دیالێکت دەبێتە هۆکاری دەوڵەمەندی زمان وەک لە زمانی کوردیدا چەندین وشەی دیالێکتەکان هاتۆتە ناو زمانەکەوەو وشەی هاوواتا لە زۆربەی رستەو دەربڕینەکاندا بەکاردێن، وەک (مژار، ئاریشە، وانەر، ئالنگار، سڤیل...هتد) .

ئەوەی تێبینی دەکرێت، ناو بە رێژەیەکی زۆر بەرفراوان خۆی دەخزێنێتە ناو زمانە ستاندەرەکەوە بۆیە لێرەدا بەباشمان زانی ناونانو ناولێنراو بکەین بە بنەمایەک بۆ فەرهەنگی زمان.

### ٤/٢ ناو و فەرهەنگ:

ناو سەرەتایەکی زۆر کۆنی هەیە، هەندێک پێیان وایە سەرەتای پەیدابوونی زمانیش هەر ناو بووە، بەڵگەش بۆئەوە ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت (وعلم الآدم الأسماو كلها)، واتە سەرەتا مرۆڤ فێری ناوەکان بووە، کە ئەگەر کەمێک وردتر سەیری ئەم پرۆسەیە بکەین، دەردەکەوێت کە زمان هەمووی لە ناو پێکهاتووە، چونکە سەرجەم شتە ئەبستراکتو کۆنکرێتیەکان ناویان هەیە، تەنانەت کەرەستە زۆر وردە ئەرکییەکانی ناو زمانیش خۆیان هەر ناویان هەیە، کردارەکانیش وەک ناوی روداو مامەڵەیان دەکرێت، مرۆڤ بۆ ناسینەوەی سەرجەم شتەکانی دەوروپشتی ناچاربوە ناوبنێت بۆ جیاکردنەوەی کەرەستەکان لەیەکتریو تێکەڵ نەبونیان و ناسینەوەیان، کە سەرەتا ناویان لە منداڵ ناوە، لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا ناونانیش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەپێی قۆناغە مێژوییەکان و گۆڕانکارییە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوریەکان ناو دروست دەبێت، کە هەر میللەتێک کۆمەڵێک دەنگ هەڵدەبژێرێتو لە ناوناندا بەکاریاندەهێنێت .

وشەکانی زمانیش تایبەتمەندی خۆیان هەیە، کە وشەی هەر زمانێک ئاماژەیە بۆ (روداو، تەن، شت، کەس)ێک، ئەو رێگایانەی کە وشەی لێدروست دەکرێت بەهەمان ئەو رێگایانە ناویش دروست دەکرێت وەک بەشە دیالێکتی هەورامی کە بەشە دیالێکتی گۆرانییە لە ناوچەکانی {هەورامانی لهۆن و هەورامانی تەخت و شەبەکی و کاکەیی و کەنووڵەی و باجەلانی و زەنگەنە و زازایی} قسەی پێدەکرێت، تەنانەت زۆرجار سەرجەم دیالێکتەکەش بەم شێوە دیالێکتە دەناسرێت، چونکە شێوە دیالێکتی چالاکو تاڕادەیەک بەبەرهەمەو زۆربەی بەرهەمە ئەدەبییەکان بەم بەشە دیالێکتە نوسراون وەک ستاندەری دیالێکتی گۆران مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، چونکە ناوچەی هەورامان سروشتێکی جوانو دڵفڕێنی هەیە، هەروەک زۆربەی


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

شاعیرو نوسەران بەم دیالێکتە لە سەردەمی ئەردەڵاندا بەرهەمیان بڵاوکردۆتەوەو هەروەها مەڵبەندی چەندین تەریقەتو مەزهەبی ئاینی بووە، قوتابخانەو شوێنی وانە خوێندن لە دێرزەمانەوە لە هەورامان بوونی هەبووە، گەنجینەیەکی پڕ مەعریفەو زانستو زانیاری لە هەورامان بوونی هەیە، سەرەڕای ئەوەش ناوچەی هەورامان تائێستاش توانیویەتی پارێزگاری لە دیالێکتەکەی بکات، سەرەڕای نەبوونی خوێندن بەو دیالێکتەو بوونی فشارێکی زۆری کۆمەڵایەتیو تێکەڵ بوونیان لەگەڵ تەکنیکو تەکنەلۆجیا توانیویانە دیالێکتەکەیان بپارێزن و وەک دیالێکتێکی زیندوو مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

ناو بەشێکی گەورەی لە زماندا داگیرکردووە، هەربۆیە یەکێک لە هۆکارەکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ (ناو)ە، کە زۆر بەئاسانی خۆی خزاندووەتە ناو زمانی ستاندەرو زۆرجار دایکو باوکەکان دەگەڕێن بەدوای ناوێکدا کە کوردی بێت واتایەکی هەبێت، بۆئەمەش دیالێکتەکان توانیویانە تاڕادەیەک ئەم کەلێنە پڕبکەنەوە،شێوە دیالێکتی هەورامی پشکی باشی بۆ ئەم مەبەستە بەرکەوتووە. لێرەدا چەند نموونەیەک وەردەگرین، کە لە ئێستادا ناونراون بۆ کەس، هەرچەندە هەریەک لەو ناونانە لە شێوەزاری هەورامیدا بەشەئاخاوتنی جیاوازن، بەڵام لە زمانی ستاندەردا ئێستا بوون بە ناو بۆ کەسەکان، بۆ نموونە:( هەسار، هەسارە، بێسە، زنار، هانە، واران.) ئە مانە خۆیان لە بە شە ئاخاوتنی ناون.

| | |
|---|---|
| هەسار | ئەستێلک، کە خۆی لەبنەڕەتدا ناوەو وەک ناویش هاتۆتە ناو زمانی ستاندەرەوە بۆ ناوی کچ بەکارهاتووە. |
| هەسارە | ئەستێرە، کە خۆی لە بنەڕەتدا ناوەو وەک ناویش هاتۆتە ناو زمانی ستاندەرەوە بۆ ناوی کچ بەکارهاتووە. |
| بێسە | چلورەی سەر گوێسەبانەکانە، کە خۆی ناوەو وەک ناوی کچ بەکارهاتووە. |
| زنار | لوتکەی شاخە، کە خۆی ناوەو وەک ناوی کچ بەکارهاتووە. |
| هانە | کانی هاوواتای کانییە، وەک ناوی کچ بەکاردێت. |
| ڤلی، ولی | هاوواتای گوڵە، وەک ناوێک بۆ کچ بەکارهاتووە. |
| گلارە | بەواتای گلێنەی چاو دێت، ناوە بۆ کچ. |

ئاوە لناویش وە ک بە شە ئاخاوتنێک بۆ ناو بە کاردێت : بۆ نموونە (وەشت، ڤنارا، ئاڤەز..)

| | |
|---|---|
| وەشت | بارانی بەخوڕ، کە ناوێکە بۆ کوڕ بەکاردێت، کە لە بەشە ئاخاوتنی ئاوەڵناوە، ناوی گۆڤارێکیشە. |


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ڤنارا واتە رازاوە، بەهەمان شێوە ئاوەڵناوە، بەڵام وەک ناوێکی کچانە هاتۆتە ناو زمانی ستاندەرەوە.

ئاڤەز ئەمیش بەهەمان شێوە ئاوەڵناوە، واتە بەهۆش و عەقڵ، بەڵام وەک ناوێک لە ئێستادا بەکاردێت.

ناوی کراویش وە ک ناو لە زمانی ستاندە ردا بە کارهاتووە کە ئە مە تا رادە یيە ک جیاوازە بۆ نموونە : (تەژنە)

تەژنە کەناری کراوە، واتە تینوو، ئێستا وەک ناوی کچ لە زمانی ستاندەردا بەکاردێت.

ناوی پیشە ش وە ک ناو لینراو هاتووە تە ناو زمانی ستاندە رە وە (ئۆسا و شەنیەر)

ئۆسا ناوی پیشەیە، هاوواتایە لەگەڵ وەستا، بەڵام وەک ناوی کەس بۆ کوڕ بەکاردێت.

شەنیەر بەهەمان شێوە ناوی پیشەیە، واتە ئەوکەسەی کە گوێز ئەتەکێنێت، بووە بەناو بۆ کوڕ.

ئاوەڵکردارە کانیش بە شیکی باشییان لە م پرۆسە یە دا هە یە (ئارۆ و ئیلیان)

ئارۆ کە ئاوەڵکرداری کاتییە، واتە ئەمڕۆ، کە لە زمانی ستاندەردا بەهیچ جۆرێک ئەمڕۆ وەک ناو بەکارنایەت، بەڵام (ئارۆ) لە ئێستای زمانی ستاندەردا ناوێکی کوڕانەیەو تەنانەت گۆڤارێکی زانستیش بەم ناوەوە ناونراوە لە زانکۆی کۆیە.

ئیلیان ئاوەڵکرداری شوێنە، واتە شوێنی حەوانەوەی باڵندەکان کە بەرامبەر (هێلانە) دێت، ئێستا وەک ناوی کچ لە زمانی ستاندەردا بەکاردێت، بەهەمان شێوە ناوی گۆڤارێکە لە گەرمیان.

وە ک دیاردە یە کی دە گمە ن و تایبە ت بە شێک لە کردارە لیکدراوە کان کە رتبوون و وە ک ناو بە کارهاتوون وە ک (هەرمان و هایماو شارۆ و یاوا).

هەرمان کە بەرامبەر ئیش یان کار دێت، لە بنەڕەتدا بەشێکە لە کرداری ئیشکردن‌و کارکردن، واتە (هەرمان کەردەی)، بەڵام تەنها (هەرمان) ئەم بەشەی وەک ناو لە زمانی ستاندەردا بۆ ناوی کوڕ بەکاردێت.

هایما لە هەورامیدا لە دوو مۆرفێم پێکهاتووە، رەگو جێناوی لکاوە، کە های+ما←هایما. واتای وشەکە بەسەریەکەوە واتە بەخەبەرم یاخود بەئاگام، ئەم بەشە بەخەبەرم یان بەئاگام لە زمانی ستاندەردا وەک فۆرمی ناو هیچ کاتێک دەرناکەون، بەڵام هەرچەندە ئەم وشەیە لە بەشەکانی تری کردارە، لە زمانی ستاندەردا بوو بە ناو بۆ کوڕ.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

| | |
|---|---|
| شارۆ | ئەم ناوەش بەشێکە لە کرداری شارۆکەردەی، بەڵام تەنها (شارۆ)کەی وەرگیراوە، وەک ناوی کچ و کوڕیش بەکاردێت، شارۆکەردەی کردارە واتە گەڕان بەدوای گوێزی بن دارودەوەندا. |
| یاوا | واتە ئەو گەیشت، کە خۆی کردارێکە لە رەگ و جێناوی لکاوی کەسی سێیەم پێکهاتووە، رەگ+جێناویاوا ← Ø+یاوا. بەڵام لە ئێستادا گەیشتن بە ئاوات و هیوا لە کرمانجی ناوەڕاستدا بەکاردێت. |

وەک لە نموونەکاندا دەردەکەوێت، تەنها ناو نییە، کە بەرامبەر ناو بێتە ناو زمانی ستاندەرەوە، بەڵکو بەشە ئاخاوتنەکانی تریش هاتوونەتە ناو زمانەکەوەو بوون بە ناوی کچ و کوڕ، هەرچەند پێدەچێت زۆرجار بەبێ ئاگایی ئەم وشانە گوێزراونەتەوە، بەڵام دیسان بوون بە بەشێک لە ناوی مرۆڤەکان لە ئێستادا، چونکە ئەم لێکۆڵینەوانە لێکۆڵینەوەی سایکرۆنین نەک دایکرۆنی، چونکە لێکۆڵینەوە دایکرۆنییەکان کارێکی ترەو پێویستە کاری جیاوازی بۆبکرێت.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## سەرچاوەکان


١) بێهزادی خوشحالی، وەرگێڕ: مستەفا غفور، ٢٠٠٨، فیلۆلۆجیای زمانی کوردی و مێژووی کوردستان، چاپخانەی خانی، دهۆک.
٢) ریژنە معروف، ٢٠١١، رۆڵی شێوەزارە کۆمەلایەتیەکان لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردیدا، زانکۆی سەلاحەدین.
٣) شرفخانی بەدلیسی، وەرگێڕانی: هەژار، ١٩٧٣، شەرەفنامە، بەغداد.
٤) شیلان رحیم ابراهیم، ٢٠٠٤، شێوازی قسەکردنی ژن لە زمانی کوردیدا، زانکۆی سلێمانی.
٥) عەبدولمەنان رەمەزان ئەحمەد، ٢٠٠٩، ئەتڵەسی زمانی، زانکۆی سەلاحەدین.
٦) عوسمان کریم عەبدولرەحیم، ٢٠١٤، وشەی زمانی کوردی و رێگاکانی دەوڵەمەندکردنی، زانکۆی سلێمانی.
٧) فاروق عومەر صدیق، ٢٠١١، لەدایکبوونی وشە، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
٨) فاروق عومەر صدیق، ٢٠١٧، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ٣٧، راگوزەرێک بە رەوتی چەند وشەیەکی زمانی کوردیدا.
٩) محەمەدی مەحوی، ٢٠١٦، مەنامە، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.
١٠)محمد حوسەین ئەحمەد، ٢٠١٦، ململانێی زارەکان، زانکۆی گەرمیان.
١١)محمد مجید سعید، ٢٠١٥، فەرهەنگ و پرۆسەی بەلێکچون، زانکۆی سلێمانی.
١٢)محمد معروف فتاح، ١٩٩٠، زمانەوانی، مطابع دار الحکمە.
١٣)مهاباد کامل عبدالله، ١٩٩٦، کار لە کرمانجیی خواروو هە ورامیدا زانکۆی سەلاحە دین.
١٤)هاشم عاصی کاکەیی، ٢٠١١، فەرهەنگی رێڕان یاران، چاپخانەی نەورۆز، کەرکوک.

١٥)DAVID CRYSTAL, 1992, Language and Languages, Black Well, USA.



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)